ئەی خەڵکینە، سەلام لە یەکتر بکەن، وپەیوەندی خزمایەتی بگەیەنن، وخواردن ببەخشن، وشەونوێژ بکەن لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون؛ ئەگەر ئەم کردەوانە بکەن ئەوا بە سەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە

لە عبد اللەی کوڕی سەلامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرەو مەدینە هات ؛ خەڵکی بەرەو پیریەوە چوون، ووترا: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات، پێغەمبەری خودا هات، پێغەمبەری خودا هات، سێ جار، منیش هاتم بۆئەوەی سەیر بکەم، کاتێك سەیری ڕوویم کرد، زانیم کە لە ڕووی کەسێکی درۆزن ناچێت، یەکەم شت کە بیستم لە قسەکانی ؛ ئەوە بوو کە فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، سەلام لە یەکتر بکەن، وپەیوەندی خزمایەتی بگەیەنن، وخواردن ببەخشن، وشەونوێژ بکەن لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون؛ ئەگەر ئەم کردەوانە بکەن ئەوا بە سەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە، وخەڵکی بینیان بەخێرایی بەرەو ڕوویەوە چوون، یەکێك لەوانە عبد الله ی کوڕی سەلام بوو -ڕەزای خوای لێبێت- کە ئەو کاتە جولەکە بوو، کاتێك بینی زانی کە ڕووی لە ڕووی کەسێکی درۆزن ناچێت؛ چونکە نور ورۆشنایی وجوانی وشکۆ وهەیبەتی ڕاستگۆیی تێدا دەدرەوشێتەوە، یەکەم شت کە بیستی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو ئامۆژگاری خەڵکی کرد بۆ ئەنجامدانی چەند کردەوەیەك کە هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، لەوانەیش: یەکەم: بڵاوکردنەوەی سەلامکردن ودەرخستنی وزۆر ووتنی بەرامبەر ئەو کەسەی دەیناسیت وئەو کەسەیشی کە ناینایسیت. دووەم: خواردن بەخشین بە خێرکردن ودیاری ومیوانداری. سێیەم: گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتی ونزیکایەتیت هەیە لەگەڵیان لە ئاراستەی دایك وباوکەوە. چوارەم: ئەنجامدانی شەونوێژ لە شەودا لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5520